**وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو**

**پاڵپشت بەو دەسەڵاتەی پێمان دراوە لە ماددەی (٢٥)ی یاسای دارستان لە هەرێمی کوردستان ژمارە (١٠)ی ساڵی ٢٠١٢ و بۆ جی بەجێ کردنی ماددەی (١٥)ی یاسای دارستان بریارماندا بە دەرکردنی ئەم رێنماییەی خوارەوە :-**

**رێنمایی ژمارە ( ٩ ) ساڵی ٢٠١٣**

**رێنمایی پێدانی مۆڵەتی کاتی بۆ دروست کردنی ڕەژوو**

**ماددەی ( ١ )**

**بۆ مەبەستی رێکخستنی پێدانی مۆڵەتی کاتی بە دروست کردنی ڕەژوو لە هەرێمی کوردستان پێویستە ئەم خاڵانەی خوارەوە پەیڕەو بکرێت:**

**١- لیژنەیەکی سەرپەرشتیاری پسپۆر پێك بهێنرێت بۆ سەرپەرشتی دروست کردنی ڕەژوو لە هەرێم بە سەرۆکایەتی نوێنەری بەرێوەبەرایەتی گشتی باخداری و دارستان و پاوان و ئەندامێتی (نوێنەری پۆلیسی پاراستنی دارستان و ژینگەی هەرێم، ونوێنەری دەستەی پاراستن و چاککردنی ژینگەی هەرێم) و ئەرکەکانی بریتیە لە:**

**أ- دیار کردنی میکانیزمی کارکردن بەم رێنماییانە.**

**ب-چاودێری و بەدواداچوونی جێ بەجێ کردنی ئەم رێنماییانە.**

**٢- لیژنەی پێدانی مۆڵەت پێك دێت بە سەرۆکایەتی نوێنەری بەرێوەبەرایەتیەکانی دارستان و پاوانی پارێزگاکان و نوێنەری (فەرمانگەی پاراستن و چاککردنی ژینگەی ، و پۆلیسی پاراستنی دارستان و ژینگە، یەکەی کارگێری) لەو قەزایانەی کە جێگای دروست کردنی ڕەژووی بۆ دادەمەزرێت، و ئەرکەکانی ئەم لیژنەیە پێك دێت لەم خاڵانەی خوارەوە:**

**أ- پشکنینی جێگای دروست کردنی رەژوو.**

**ب- پشکنینی ئەو دارانەی کە پێشنیار دەکرێن بکرێنە رەژوو.**

**ت- داواکردنی هەموو بەرابیەکانی پێویست بۆ ئەم مەبەستە.**

**پ- چاودێری کردنی دروست کردنی رەژوو و وەرگرتنی رێکاری یاسایی پێویست بەرامبەر هەر سەرپێچییەك.**

**٣- پەسند کردنی مۆڵەتی پێدانی رەژوو لە لایەن بەرێوەبەری دارستان وپاوانی پارێزگاکان دەبێت.**

**٤- مۆڵەتی دروست کردنی ڕەژوو کاتییە لەبەر ئەوە پێویستە رۆژی دەست کار پێکردن و کۆتایی ئەم مۆڵەتە دیار بکرێت و بە مەرجێك لە ساڵێك زیاتر نەبێت و دەکرێت ئەم مۆڵەتە نوێ بکرێتەوە.**

**ماددەی ( ٢ )**

**دیار کردنی چەند جێگایەك و بە پێی پێویست لە ناوچەی جیاجیا کە وەکو کارگەی دروست کردنی ڕەژوو بێت بۆ مەبەستی دامەزراندنی کورەی ڕەژوو لە لایەن ئەو کەسانەی کە مۆڵەتی دروست کردنی رەژوویان پێ دەدرێت، و بریتی دەبێت لە پارچە زەویەك بە رووبەری پێویست ، و پێویستە کۆنترۆڵ بکرێت لە لایەن (پۆلیسی پاراستنی دارستان و ژینگە) و لە ژێر چاودێری لیژنەی رێکخستنی مۆڵەت بێت، و پێویستە یەکەی ئیداری و فەرمانگەی پاراستن و چاککردنی ژینگەی پارێزگاکان رەزامەندیان لەسەر هەبێت و ئەم جێگایە لە دەرەوەی سنووری شارەوانی بێت.**

**ماددەی ( ٣ )  تەنیا مۆڵەت بۆ بەکارهێنانی ئەم جۆرە دارانەی خوارەوە دەدرێت:**

**١- پاشماوەی داری کارگەکانی دار تاشی.**

**٢- داری کۆن وەکو داری کاریتە و هتد...**

**٣- داری وشك لە ناو دارستانەکان دوای پشکینیان لە لایەن لیژنەی رێکخستنی مۆڵەت و لە ژێر چاودێری بەرێوەبەرایەتی دارستان وپاوانی پارێزگاکان ئەنجام بدرێت.**

**٤- ئەو دارانەی کە دەبڕدرێنەوە لەبەر جێ بەجێ کردنی پرۆژەیەکی گشتی گرنگ.**

**٥- داری دەست بەسەرداگیراو لەلایەن دادگاوە (مصادر)ە کراون و کە لە رێگای زیادکردنی ئاشکرا دەفرۆشرێت بە پێی رێنماییەکانی دارایی تایبەت بەم بابەتە.**

**٦- پاشماوەی داری دارستانی هەڵپاچراو بە پێی رەزامەندی بەرێوەبەرایەتیەکانی دارستان و پاوانی پارێزگاکان و لە ژێر چاودێریان.**

**٧- پاشماوەی باخەکانی باخداری کەرتی تایبەت بە پێی ئەم خاڵانەی خوارەوە:**

**أ- داری وشکبوو.**

**ب- داری تەمەن گەورە یان بەرهەمی کەم بێت.**

**ت- داری تووشبوو بە نەخۆشی و مەگەز کە چارەسەری ئەستەم بێت.**

**پ- داری ئەو باخچانەی کە دەکەونە ناو پرۆژەیەکی ئاوەدانکردنەوە یان ماستەر پلانی سنووری شارەوانییەکان پاش پێدانی رەزامەندی لایەنە پەیوەندارەکان.**

**٨- داری سووتاوی دارستانەکان بە مەرجی دوای تەواو بوونی رێکارە یاساییەکان، و لە لایەن بەرێوەبەرایەتیەکانی دارستان وپاوانی پارێزگاکان بڕیاری لێ دەدرێت بۆ بەکارهێنانی بۆ دروست کردنی رەژوو.**

**ماددەی ( ٤ )** مۆڵەت پێدراو پێویستە بەڵێن بدات بە پابەند بوونی بە ڕێنماییەکانی لیژنەی پێدانی مۆڵەتی دروست کردنی ڕەژوو.

**ماددەی ( ٥ )** ڕێگە نادرێت بە ناردنی ڕەژووی خۆماڵی بۆ دەرەوەی هەرێمی کوردستان بە هیچ شێوەیەك .

**ماددەی ( ٦ )** ڕێگە پێدان بە هاوردە کردنی ڕەژوو بۆ ناو هەرێمی کوردستان .

**ماددەی ( ٧ )**

١- گواستنەوەی رەژوو لە نێوان پارێزگاکان تەنها بە پێی ڕەزامەندی بەرێوەبەرایەتی گشتی باخداری و دارستان و پاوان دەبێت .

٢- گواستنەوەی ڕەژوو لە نێوان شار و شارۆچکەکانی یەك پارێزگا بە پێی رەزامەندی بەڕێوەبەرایەتی دارستان و پاوانی پارێزگاکان دەبێت.

**ماددەی ( ٨ )** پێویستە خاوەن مۆڵەت رەژووەکانی بکاتە ناو کارتۆن یان گونیە (گووش) و زانیاریی پێویستی لەسەر تۆمار بکات وەکو:

١- ناوی خاوەن مۆڵەت .

٢- ژمارە و رۆژی پەسند کردنی مۆڵەت .

٣- ژمارەی تەلەفۆن .

تەنها بۆ خاوەن مۆڵەت هەیە ئەو رەژووەی کە خۆی بەرهەمی هێناوە بیکاتە ناو ئەم کارتۆن و کیسانە.

**ماددەی ( ٩ )** پێویستە خاوەن مۆڵەت پابەند بێت بە ڕێنمایەکانی بەرگری شارستانی.

**ماددەی ( ١٠ )** کارنەکردن بە ڕێنمایی ژمارە (٣) ساڵی ٢٠٠٧.

**ماددەی ( ١١ )** ئەم ڕێنماییە جێبەجێ دەکرێت لەرۆژی بڵاوکردنەوەی لەرۆژنامەی فەرمی(وەقایعی کوردستان)

**پرۆفیسۆر سیروان بابان**
**وەزیری کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو**

## هۆکاری دەرچوونی

دروست کردنی ڕەژوو لە هەرێمی کوردستان پیشەیەکی کۆنە و پەیوەندیی هەیە بە بژێوی ژمارەیەك لە هاووڵاتیانی هەرێم هەروەها ڕەژوو گرنگیی خۆی هەیە بۆ ئامادەکردنی خواردن و سەرچاوەیەکی وزەیە، لەبەر ئەوە و بۆ مەبەستی ڕێکخستنی دروست کردنی ڕەژوو و بۆ کەم کردنی زێدەڕۆیی لەسەر داری دارستانەکان و پاراستنیان و بۆ کۆنترۆڵ کردنی پیشەسازی دروست کردنی رەژوو لە هەرێمی کوردستان ئەم ڕێنماییە دەرچوینرا .